**سوورچی له باتاس‌و حەریرەوە بۆ ڕەواندز...[٧٥]". واتە بەم شێوەیە بریتانییەکان توانیان دەست بە سەر ئەو ناوچانە دا بگرنەوە.**

**به هاتنەوەی محێیەددین بەگ بۆ ڕەواندزو هێنانی هەندێ هێزو جبەخانەی‌تر هێزەکەی ڕەواندز گڕوتنیی زیاتری تێکەوت، ئەوە له لایەك، له لایەکی‌تریش لەولاوە کەمالییەکان کەوتنە زیاتر خۆ تەیار کردن بۆ گێڕانەوەی دەسەلاتیان بۆ ویلایەتی مووسڵ، هەر بۆیە مستەفا کەمال له ١ی شوباتی ١٩٢٢ له تەلەگرافێکی‌دا که بۆ وەزیری بەرگری ڕەوانەی کردوە دەڵێ:" ئێستا له پێشڤە چوونە سیاسیەکاندا دەفامرێتەوە که فەیسەڵ خەریکە حکومەتێك له عیراق دابمەزرێنێ، ئینگلیزەکانیش له خۆ ئامادەکردن دایە بۆ ئەوەی موسڵ له ژێر ماندێتی خۆی دابێ، ئیدی بۆ ئەوەی موسڵ رزگار بکەن، که بەشێکە له میثاقی نیشتمانیمان[٧٦] دەبێ سوپا بەرەو ناوچەی ڕەواندز بنێرین"[٧٧]. له بەر ئەوە له ١٧ی مارتی ١٩٢٢ ڕەمزی بەگیان وەکو**

---

(٧٥) د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٧-١٢٨.

(٧٦) میساقی نیشتمانی، دوای بەستنی کۆنگرەی سیواس له ٤-١١ی ئەیلولی ١٩١٩ به سەرۆکایەتی مستەفا کەمال، کۆنگرەکە بڕیارێکی دەرکرد که له شەش خاڵ پێك هاتبوو ئەمە له دوایی بوو به میساقی نیشتمانی بزاڤی ڕزگاریخوازی تورکی. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حنا عزو بهنان، التطورات السیاسیة في ترکیا ١٩١٩-١٩٢٣، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة بغداد، ١٩٩٠،ص ٦٠.

(٤)Republic of Turkiye, Chief- of Staff Publications, Turk lstiklal Harbi, Vol, Iv, Guney Cephesi( Ankara,١٩٦٦),p.٢٦٧ .

له: پرۆفیسۆر د.میم کەمال ئۆقە، کرنۆلۆژیای مەسەلەی ویلایەتی موسل ١٩١٨-١٩٢٦، وەرگێڕانی: سەلام ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ٢٠٠٠، ل٣٥. وەرگیراوە.

سلیمانی، زۆر تکام هەیە، خەیال نەفەرموون شتێکی خراپم بە دلاٌ هاتبیٚ لە لایەن کردەوەیەك کە خوا نەخواستە لە وانە بیٚ لە ئێوەوە رووبدا، ئێمە هەر لە دەمێکەوە باسی راستیو یەك رەنگیو پاکیی ویژدانی ئێوەمان بیستوەو تیٚ گەیشتووین کە بەرامبەر بە دەولٚەتو میللەت( دەولٚەت و میبلەتی تورکی مەبەستە) پەیوەستەییەکی بە هێزو خۆشەویستییەکی بیٚریاتان هەیە. لە بەر ئەوە ناوی ئێوە (واتە شێخ مەحمود) لە دڵو گیانی ئێمەدا جـێگەیەکی بەرزو بەرێزی داگیرکردوە..."[١٠٢]. لێرەدا دەتوانریٚ بووتریٚ، ئۆزدەمیر زیرەکانە هەولٚی داوە شێخ مەحموود بە لای خۆیدا ڕابکێشتو لە دلٚ پاکیو دلٚی سافی خۆیو تورکەکان دلٚنیای بکاتەوە، ئەگەرچی تا ئەو کاتەش هەلٚوێستو سیاسەتی شێخ مەحموودی لا ڕوون نەبووە، لە بەر ئەوەی لە بەشێکیتری نامەکەیدا دەلٚیٚ:" ئێمە ئیتر بەلامانەوە ئەوەندە مەبەس نیە کە( مەفرەزە) کەمان بێتە ناو شاری سلێمانی یەوە یان نە؟ چونکە هاتنی ئێوە (واتا شێخ مەحمود) بۆ سەرکار لە رووی مەسلٚەحەتی دەولٚەتو غایەی نیشتمانییەوە، ئێمە (واتا بۆ تورك) بەسە ئینجا تانامەتان ئەگاو ئەو سیاسەتە کە بە تەمان لە سەری برۆن بۆ مان روون ئەکەنەوە مەفرەزەکەمان لەو جێگەیەدا ئەوەستێنین کە ئێستە لیٚیەتی ئەگەر بێتو ئێوە بە مەسلٚەحەتی بزانن تادەوری(رانیە)ش ئەیکێشینەوە"[١٠٣].


---

(١٠٢) هەمان سەرچاوە، ل ٥٦٥.

(١٠٣) سەرچاوە ی پێشوو ،ل ل ٥٦٥-٥٦٦.

## پاشکۆی ژماره ( ٣ )

## دەقی نامەی پشکێنەری کارگێڕی بۆ سەید تەها نەهری


الى حضرت سيد طه افندى
بموجب تبليغات الوارده من وزارة الداخلية في بغداد
قد تعين حضرتكم لوظيفة قائممقام قضاء الرواندز
العائدة للواء اربيل .
بما ان تعين مأموريه العدليه والماليه والاداره والشرطه
بموجب بيانه البودجه العمومية على حكم الصلاحية
انه تصرفوا بموجب توزيعات البودجه العمومية سنة الالف
روبيه كل شهر ولاجل تأسيس التشكيلات حكومة العامر
قد تقرر باعطاء ثلاثين الف روبيه .
زيادة صلاحيتكم العدليه بعد تحت المخابره ولوصل انه
عن قريب تبلغكم بذلك وتعليمات السائرة العائدة الى وظيفتكم

٢٢/٥/٩

مفتش اداري
Nizamdin
9/5/23.

